# هاوکاریی سەربازیی نێوان ئێران و روسیا بەردەوامە

لەگەڵ ئەوەی روسیا بەپێی دوا بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی رێککەوتنی فرۆشتنی چەکی بەئێران راگرت، وەڵی ئەوە بەو مانایە نایەت کە ئەو وڵاتە چیدی هاوکاریی سەربازیی تەکنەلۆجی خۆی لەگەڵ تاران رادەگرێت. روسیا بەردەوام دەبێت لەجێبەجێکردنی رێککەوتنەکانی لەگەڵ ئێران ئەوانەی کە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی نایگرێتەوە.

ئەناتۆلی ئیساکین بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای (ئوبۆرۆن ئێکسپۆرت)ی روسی رایگەیاند، ئەگەر ئێران بیەوێ چەك لەروسیا بکڕێ بەمەرجێ ئەو جۆرانە نەبێ کە بڕیارەکەی ئەنجومەنی ئاسایش دەیگرێتەوە ئەوا ئێمە ئامادەین پێی بفرۆشین، هەروەها گوتی تائێستا ئێران لەو رووەوە گفتوگۆی لەگەڵ وڵاتەکەیدا نەکردووە.

لەلایەکی ترەوە، لالیکسی بورودافکینی جێگری وەزیری دەرەوەی روسیا رایگەیاندبوو کە روسیا نایەوێ هاوکاریی سەربازی لەگەڵ ئێران کۆتایی پێ بهێنێ هەرچەندە وازمان لەجێبەجێکردنی رێککەوتنی فرۆشتنی سستمی موشەکی(ئێس ٣٠٠) بەئێران هێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا بورۆدافکین دانی بەوەشدا نا کە مەرسومەکەی سەرۆکی روسیا کۆتو بەندی دیاری لەسەر هاوکاریی سەربازیی تەکنەلۆجی نێوان هەردولا داناوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە ئێمە هەموو جۆرە هاوکارییەك لەگەڵ تاران کۆتایی پێ دەهێنن.

ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی لە مانگی حوزەیرانی رابردوو بڕیاری ژمارە ١٩٢٩ دەرکرد، کە یەکەمین جار بوو رێگری لەفرۆشتنی چەکی تەقلیدی بەئێران دەکا، لەوانە موشەك و سستمی موشەکی و زرێپۆش و هیلیکۆپتەری جەنگیی و فرۆکەو کەشتی جەنگی.

دوا بـــەدوای دەرچـــوونی ئـــەو بڕیـــارەی ئەنجومـــەنی ئاسایشـــی نێودەوڵـــەتی، گفتگۆیەکی زۆر لەسەر سستمی موشەکی (ئێس ۳۰۰) کرا کـە سـاڵی پێشـتر روسیاو ئێران لەسەری رێککەوتبوون. کەدەبوو لەساڵی ۲۰۱۰ دا ئـەو سسـتمی بەرگرییە بەئێران بدرێت، هەرچەندە بەرپرسـانی روسـی رایانگەیانـد بـوو کـە گەمارۆ تازەکەی سەر ئێران ئەو رێککەوتنە ناگرێتەوە بەوەی کـە ئـەو سسـتمە موشەکییە تەنیا سستمێکی بەرگرییەوە هیچـی تـر. دوای ئـەوە مەرسـومێکی سەرۆکی روسیا دەرچوو بۆ ئەوەی ئەو سستمەش بخاتە نێو لیستی ئەو چـەکانەی کە قەدەغەن بەئێران بفرۆشرێن، ئەم هەنگاوەی سەرۆکی روسیا ئێـران نیگـەران کردو بەتوندی وەڵامـی روسـیایاندایەوەو تۆمـەتباریان کـرد بـەوەی ملکەچـی گوشارەکانی ئەمێرکاو خۆرئاوا بـووە، مۆسـکۆش لـەو بارەیـەوە هـیچ شـتێکی نەگوت، هەرچەندە ئاماژەکان بۆ ئـەوە دەچـوون کـە نـاکۆکی کەوتۆتـە نێـوان مۆسکۆو تارانەوە.

لەگەڵ ئەو لێدوانە توندانەی تاران بەرامبەر بە مۆسکۆ هاوکاریی سـەربازیی تەکنەلۆجی نێوانیان رانەگیرا، بەتایبەتی کە هەموو رێککەوتنامـەکانی نێـوان هەردوولا تەنیا بۆ کڕینی چەکی بەرگرییە نەك چەکی هێرشبەر.

ئەگەر ئەو نیگەرانییەی ئێران بەهەمان ئاستی تونـدی لێدوانـەکانیان بوایـە دەبوو تاران ئامادەنەبوانایە هیچ رێککەوتنێکی سەربازی تر لەگەڵ روسیا ئیمزا بکەن، یان لانی کەم ئەو هاوکارییەی نێوانیان رادەگرت، وەلێ پەیوەندییـەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە تەنیا لەبواری تەکنەلۆجیای سەربازییدا نییە بەڵکو هەموو بوارەکانی تریش دەگرێتەوە.

لەبەر ئەوە زۆرێك لەچاودێران پێیان وایە ئەوەی لەنێوان روسـیا ئێـران رودەدا تـەنیا نمایشـێکە پـێش وەخـت هـەردوولا لەسـەری رێککـەوتوون، بەتایبـەتی کەپەیوەندییەکانی نێوان هەردوولاو دیدارەکانی بەرپرسانی هەردوولا بەهـەمان ئاستی جاران بەردەوامە.

سەرنوسەر